منداڵێک کە چێند کاتژمێرێک لێدایک بووە بە فڕێدراوی لە شاری زاخۆ دۆزرایەوە و ڕادەستی پۆلیس کرا

منداڵێک کە چێند کاتژمێرێک لێدایک بووە، بە فڕێدراوی لە شاری زاخۆ دۆزرایەوە و ڕادەستی پۆلیس کراوە.

بەپێی زانیارییەکان، ڕووداوەکە درەنگانی شەوی ڕابردوو 23ـی تەمموزی 2024 نزیک کاتژمێر 12ـی شەو لە گەڕەکی سەرهلدان نزیک مزگەوتی فیردەوس بووە و بەهۆی گریانی منداڵەکەوە گەنجێک ئاگاداری بووە و پێی زانیوە.

ئەو گەنجەی کە منداڵەکەی دۆزیوەتەوە بە میدیاکانی گوتبوو، ”بینیم چێند کەسێک لە چواردەوری منداڵەکە کەبوونەتەوە، لە ئەتەمبەل دابەزیم باسی دەنگی منداڵەکیان دەکرد، منیش لەی نزیک بووم بینیم منداڵەکی تەمەن چێند کاتژمێرێکە و خوێن لەسەر جەستەکەی هەیە، پەموایە چێند کاتژمێرێک بوو لێدایک بووە، بردم بە بنکەی پۆلیسی دەلال و ڕادەستی ئەوانم کرد“.

لەلایەن خێزانەوە، پۆلیسی شاری زاخۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بە ئەم مەبەستە کردەوە.